هەرێمی کوردستـــــتان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتـــی دارایـــی و ئابـــووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردستـــتان - العراق
رئاســة مجلــس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

ژمارە: ٩ / ٤ / ١١٩٩٤ ڕێکەوت/ ٢٢ / / ٢٧١٣ کوردی ڕێکەوت/ ٢١ / ٦ / ٢٠١٣

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٢٨ )

## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

## ب/ پێشینەی گەشت و گوزاری

پاڵپشت بە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی /٢٠١٣ (یاسای بوودجەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (١) ی ساڵی /٢٠١٣ ڕێنمایی جێ بەجێ کردنی بوودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی /٢٠١٣ و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی نێوان ڕاوێژکاری وەزارەتمان و نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنکە پسپۆڕیەکان و دەستەی گشتی گەشت و گوزار لە ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢ بۆ پێدانی پێشینەی گەشت و گوزاری ، بڕیاردرا بە خەرج کردنی بەم مەرج و شێوەیەی خوارەوە : -

١- پێشینەی گەشت و گوزاری لە بانکەکانی خانووبەرە خەرج دەکرێت .

٢- پێدانی مۆڵەتی پرۆژەی گەشتیاری تەنها دەبێت لە دەستەی گەشت و گوزار بێت بە مەرجێك ئەوان دەست نیشانی زەویەکە دەکەن واتا پوختەی مامەڵەکە بۆمان دێت بە هەموو ڕەزامەندییەکان .

٣- ئەم پێشینەیە تاکو بڕی (٣٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار خەرج دەکرێت ، لەو بڕەیە زیاتر خەرج ناکرێت .

٤- بڕی پێشینەی گەشت و گوزاری پرۆژەکان تاکو (٧٠٪) ی بڕی تێچووی پرۆژەکە خەرج دەکرێت جگە لە ئامێرەکان کە بۆ مەبەستی گەشت و گوزاری دەکڕدرێن .

٥- بڕی پێشینەی گەشت و گوزاری ئامێرەکان تاکو (٦٠٪) ی نرخی ئامێرەکان خەرج دەکرێت بە مەرجێك دەبێت دەستەبەری گەڕانەوەی پێشینەکەی هەبێت و نیشانەی گلدانەوەی دەخرێتە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ یان بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار و تەنها دەبێت بۆ ئەم مەبەستە بەکاربێت دڵنیاییشی بۆ بکرێت دژی سووتان لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی دڵنیایی مۆڵەتپێدراو لە هەرێم .

٦- وەرگرتنی خەرجی کارگێری بە بڕی (١ ٠٠٠ ٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ ئەو پێشینانەی بڕەکانیان لە (٢٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠) دوو سەد ملیۆن دینار کەمترە و بڕی (٢ ٠٠٠ ٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ ئەو پێشینانەی کە بڕەکانیان لە (٢٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠) دوو سەد ملیۆن دینار و بەرەوسەرەوەیە

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

٢٠١٣/٥/٢٩ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

٧- شێوازى خەرج كردنى پێشينە لە لايەن لێژنەيەكى تايبەت دەبێت لە بەنكەكانى خانووبەرە بە بەشدارى نوێنەرى بەڕێوەبەرايەتى گشتى بەنكە پسپۆريەكان ، بۆ ديارى كردنى قۆناغەكانى دروستكردنى پرۆژەكە و بەو شێوەيەى خوارەوە دەبێت : -

أ- (٤٠٪) ى پێشينەكە خەرج دەكرێت لەگەڵ دەست پێكردنى پرۆژەكە و هەڵكەندن و دانانى كەرەستەكانى وەك (شيش و چيمەنتۆ و چەو و لم و .... هتد) .

ب- (٤٠٪) ى پێشينەكە وەك دووەم پشك دواى ئەنجام دانى (٧٠٪) ى پرۆژەكە خەرج دەكرێت .

ج- (٢٠٪) ى پێشينەكە دواى تەواو بوونى پرۆژەكە و دەست بەكاربوونى خەرج دەكرێت .

٨- سەبارەت بەو پرۆژانەى كە ماوەى بەدەستهێنان و كارپێ كردنى خێرايە وەك (پاصى گەشتيارى + بەلەم + كوشك ... هتد) ئەوانەى ماوەى دروستكردنيان كەمترە لە (٦) مانگ دواى يەك ساڵ لە وەرگرتنى پشكى يەكەم دەبێت بگەڕێندرێتەوە بەڵام ئەو پرۆژانەى ماوەى دروست كردنيان زياتر لە (٦) مانگ و بەسەرەوەيە ، دەبێت گەڕاندنەوەى پشكەكانيان لە دواى (٢) ساڵ لە وەرگرتنى پشكى يەكەم بێت .

٩- مەرجەكانى پێدانى پێشينە : -

أ- وەرگرى پێشينە موڵكێك بارمتە (رهن) بكات سەرەڕاى كەفيلێكى دەستەبەر (ضامن) .

ب- نوێنەرى دەستەى گشتى گەشت و گوزار لەگەڵ لێژنەكانى پشكنينى بەنكى خانووبەرە دەبێت .

ج- داواكارى پێشينە نابێت پێشتر سوودمەند بووبێت لە پێشينەى گەشت و گوزارى .

د- سيستەمى وەرگێرانى قەرز (تدوير الدين) بە هيچ شێوەيەك كارى پێ ناكرێت بەڵكو لە كاتى هەر كڕين و فرۆشتنێك دەبێت پێشينەكە بە تەواوى بگەڕێندرێتەوە .

هـ- هەر پرۆژەيەكى گەشتيارى يان ئامێرى گەشتيارى كە لەلايەن داواكارى پێشينە پێشكەش دەكرێت دەبێت گونجاو بێت لەگەڵ ماستەرپلانى گەشتيارى هەرێم و پەرەپێدانى كەرتى گەشت و گوزار .

١٠- مەرجەكانى ئەو ئامێرانەى كە ئەم پێشينە دەيانگرێتەوە : -

أ- تەمەنى ئامێرەكان نابێت لە (٢) دوو ساڵ زياتر بێت بەپێ ى مەنەفێست و بڕوانامەى دامەزراوەكەى (شهادة المنشأ) .

ب- ئامێرەكان دەبێت دڵنيايى لە سەر بكرێت دژى سووتان .

- سەبارەت بە خاڵەکانی (٤ و ٥) ی سەرەوە ، ئەو پرۆژانەی کە پێشینەی گەشت و گوزاری دەیانگرێتەوە ئەمانەن : -

أ- دروست کردنی هۆتیل و مۆتێل و جێگای حەوانەوەی جۆراجۆر و گوندی گەشتیاری بە مەرجێك لە سەنتەری (قەزا و ناحیە و گوندەکان و سنوری ئیدارە سەربەخۆکان) بێت یان لە شوێنێکی گەشتیاری گونجاو بێت .

ب- دروست کردنی چێشتخانە و پرۆژەی دانانی کەپری گەشتیاری و کوشك لە هاوینە هەوارەکان و جێگا گەشتیاریەکان .

ج- پێشینەی گەشت و گوزاری بۆ سەنتەری هەر سێ پارێزگای (هەولێر ، سلێمانی و دهۆك) بدرێت بۆ مەبەستی (دروست کردنی سەنتەری راهێنانی گەشتیاری و جێگای فرۆشتنی کارە دەستیەکان و چالاکی گەشتیاری جۆرا و جۆر و سەرنج راکێش) بە مەرجێك لە دەستەی گشتی گەشت و گوزار رەزامەندی هەبێت .

د- پاصی گواستنەوەی گەشتیاران بۆ ئەو کۆمپانیانەی کە گەشتیار دەهێنن بۆ هەرێم ، دەبێت بەڵێن نامە بدات کە ئەم پاصە تەنها بۆ مەبەستی هێنانی گەشتیاری بیانی و گواستنەوەی گەشتیارانی ناوخۆیی لە نێوان شارەکان وەکو گروپی گەشتیاری بەکاربێت و بە پێچەوانە پێشینەکەی لێ وەردەگیرێتەوە .

هـ- پاصی گەشتیاری گەرۆك تایبەت بە ناو شار بۆ گواستنەوەی گەشتیاران لە نێوان وێستگە گەشتیاریەکانی ناو شار .

و- دروست کردنی کەمپی گەشتیاری و کۆمەڵگەی گەشتیاری لاوان .

ز- دروست کردنی (Rest Area) لە نێوان شارەکان لە سەر شەقامە سەرەکیەکان .

١٢- ئەو پرۆژانەی کە دەکەونە گوندە گەشتیاریەکان و هاوینەهەوارەکان و سەیرانگەکان ئەولەویەتی پێ دەدرێت لە کاتی دابین کردنی پێشینە و کەمتر پارە تەرخان دەکرێ بۆ ناو سەنتەری پارێزگاکانی هەرێم جگە لە ئیدارە سەربەخۆکان .

١٣- ئەم پێشینەیە نۆژەنکردنەوەی پرۆژە گەشتیاریەکانیش دەگرێتەوە یاخود ئەو پرۆژانەی کە دەست پێ کراوە و بە هۆی نەبوونی (سەرمایە) تەواو نەکراوە بەو مەرجەی رێژەی (٣٠٪) زیاتری پرۆژەکە ئەنجام نەدرابێ .

١٤- ماوەی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە بە پێ ی (Time Table) ی پەسند کراو دەبێ لە لایەن (دەستەی گشتی گەشت و گوزار) و نابێت لە (١٨) هەژدە مانگ زیاتر بێت ، لە حاڵەتی دواکەوتندا دەبێت گشت پێشینەکە بگەرێندرێتەوە لەگەڵ (١٢٪) ی سوودی دواکەوتن لە پارەی وەرگیراو .

... ڕی پێبەندە بەم شێوەیە دەبێت :

أ- تاكو (٠٠٠ ٠٠٠ ١٠٠) سەد ملیۆن دینار لە ماوەی چوار ساڵ دەبێت بگەڕێندرێتەوە .

ب- تاكو (٠٠٠ ٠٠٠ ٢٠٠) دوو سەد ملیۆن دینار لە ماوەی پێنج ساڵ دەبێت بگەڕێندرێتەوە .

ج- تاكو (٠٠٠ ٠٠٠ ٣٠٠) سێ سەد ملیۆن دینار لە ماوەی شەش ساڵ دەبێت بگەڕێندرێتەوە .

١٦- ڕێژەی سوودی دواكەوتن (١٠٪) دەبێت لە سەر پشكی شایستە كە دەبێت لە بەرواری شایستە بگەڕێندرێتەوە.

بۆ ئاگاداریتان و كارپێكردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**بایز سەعید محەمەد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وێنەیەك بۆ /**

- سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆكایەتی دیوان/ ف - ك - كارگێری و دارایی... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجومەنی دادوەری / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی كوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژكاران / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی گشتی گەشت و گوزار / بۆ ئاگاداریتان و كاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریكاری وەزارەت .. بۆ ئاگاداریتان... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / بۆ ئاگاداریتان و كاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنكە پسپۆریەكان/ ئاماژە بە كۆنووسی كۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢ / بۆ ئاگاداریتان و كاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەكانی سەر بەم وەزارەتە..بۆ گشتاندنی و كاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم / هەولێر (١و٢) / دهۆك / ١و٢و٣ ی سلێمانی /ئاكرێ / سۆران / زاخۆ / كۆیە / گەرمیان / ئامێدی / ڕاپەرین / چەمچەماڵ /بۆ زانین و كاری پێویست ... تكایە.
- خەرجییەكان / خۆیەتی / ژمێریاری .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێكۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .